کەمپینی میدیایی دژی خەتەنەکردنی مێینە



# خەتەنەکردنی مێینە ڕاگرن

2009

# کەمپینی میدیایی دژی خەتەنەکردنی مێینە

لەلایەن : ڕۆژنامەی هاوڵاتی، ڕۆژنامەی ڕۆژنامە، گۆڤاری للین، گۆڤاری ئاوێنەکان
ڕێکخراوی WADI ئەڵمانی، ڕادیۆی دەنگی نوێ، هاریکاری یاسایی ژنان، ڕادیۆی نەوا

وەک بەرپرسیاریەتیەکی ئینسانی و پەروشیمان بۆ دژایەتیکردنی دیاردەی دزێوی خەتەنەکردنی مێینە ، بڕیارماندا بە بەرپاکردنی کەمپینێکی ڕاگەیاندنی بەرفراوان لە کوردستاندا بەهاوشانی هەڵمەتەکانی هۆشیاری و بەشداریکردن لە کۆتییهێنان و سنوردارکردنی ئەم تاوانە ، جێی ئاماژەیە لە چەند ساڵی ڕابوردو میدیا ناوخۆیی و جیهانیەکان زۆرترین قسەیان لەسەر بوونی خەتەنەکردنی مێینە کردوە لەم ناوچەیەی ئێمەدا، بەهۆی بوونی ئەم دیاردەیەو چەندین دیاردەی توندوتیژی و ناشارستانی دیکە کە بەرانبەر بە مێینەی ئەم وڵاتە ئەمڕۆ گومانێکی زۆر لەسەر سەرجەم کایە مەدەنی و مرۆییەکانی ئەم هەرێمە هاتۆتە ئاراوە .
لێرەوە دەمانەوێت ڕای گشتی کوردوستان و دەرەوە لەوە ئاگادار بکەینەوە ئێمە ئەمڕۆ ئەو بەرپرسیاریەتیە دەخەینە ئەستۆی خۆمان و هەموو لایەک لەوە ئاگادار ئەکەینەوە کە خەتەنەکردنی مێینە تاوانێکی نا تەندروستی کۆمەڵایەتیە و هیچ بنەمایەکی زانستی و ئاینی نیە، وەبە پێچەوانەی هەموو بەها مرۆییەکانە لە دونیای مۆدێرن و سڤیلی دا و هەموو بەهانەکان بۆ ئەنجامدانی ئەم دیاردەیە پێچەوانەی خەسڵەتە ڕاستەقینەکانی مرۆڤایەتین و زیانەکان لە ئەنجامدانی ئەم دیاردەیە شۆڕبونەوەی فراوانی هەیە لەسەر کۆی پەیوەندیە مرۆییەکان پتەوکردنی باری پەیوەندی خێزانداری .
ئامارەکانی خەتەنەکردنی مێینە زەنگێکی مەترسیدارن بۆ هەموو ویژدانێکی زیندو ، بوونی ئەم دیاردەیە بەڕێژەی ٩٧ ٪ لەهەندی ناوچەی کوردوستان هەموومانی توشی شۆک کردوە و کاتی ئەوەیە هەڵوێستەیەکی جدی بەرانبەر وەربگرین ، وە ئەرکی سەرجەم دەسەڵاتەکانی ئەم هەرێمەیە کە کاری جدی بکەن بۆ بنبڕکردنی ئەم دیاردەیە ، هەوڵبدرێت خەتەنەکردنی مێینەیە بە یاسا قەدەغە بکەن ! هێندەی ئەوەی ئامارەکان خەتەرناکن و جێی نیگەرانین چەندین جار زیاتر جێی سەرسامی و نیگەرانیە کە لە هۆڵی پەرلەمانی کوردوستان لەمانگی فبرایەری ٢٠٠٨ شەرمیان لە باسکردنی خەتەنەکردنی مێینە کردوە و ئەو یاسایەی کە بۆ قەدەغەکردنی ئەم دیاردەیە پێشنیارکراوە وەلا نراوە ! ئەمە چ کارەساتێکە ! چارەنوسی هەزاران مرۆڤ و خۆشبەختی کۆمەڵگا ئەکرێتە قوربانی شەرمی گروپێک لە پەرلەمانتار کە ئەرکی ڕاستەقینەیان نوێنەرایەتیکردنی کێشە و خواستەکانی کۆمەڵگایە!
ئێمە بەئەرکێکی هەنوکەیی خۆماتی دەزانین ئەم هەڵمەتە ڕابگەیەنین لە بەرواری ١٢-٤ بۆ ٢٢-٤-٢٠٠٩ ، ئەو چالاکیانەی کە لەم ماوەیەدا ئەنجام ئەدرێن بەشداریەکن لە وەئاگاهێنانەوەی کۆمەڵگەی کوردی لەبارەی زیانەکانی خەتەنەکردنی مێینە و دووپاتکردنەوەی داخوازیەکان بۆ دەرکردنی یاسا و هەوڵدانی دەسەڵات بۆ چالاک بوون لە دژایەتیکردنی ئەم دیاردەیەدا، وە ئەم ئەرکە بە پلانی گشتگیر و هەموو کەسێکی ئینسان دۆست دەزانین چونکە پێمان وایە باسکردنی پەمەندە گشتیەکانی توندوتیژی و تەرخانکردنی ملیۆنەها دۆلار بۆ مەراسیم و بۆنەکانی ژنان هیچ بەهایەکی نیە ئەگەر ئەم دیاردەیەو چەندین دیاردەی دیکەی توندوتیژی دژ بە ژنان لەم کۆمەڵگایەدا بنبڕ نەکرێن .

**گروپی کەمپین دژی خەتەنەکردنی مێینە**
**١٢-٤-٢٠٠٩ / سلێمانی**

## ئامارەکانی ڕێکخراوی WADI ئەڵمانی سەبارەت بە کێشەی خەتەنەکردنی مێینە لە هەرێمی کوردستاندا بۆ ساڵی ٢٠٠٨

## کۆی گشتی ئامارەکانی ساڵی ٢٠٠٨ :

wadi

| شوێن | ژمارەی گوند | بەشداربوان | خەتەنەکراو | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|---|
| گەرمیان | ١٤٨ | ٣٩٥٤ | ٢٤٠٨ | ٪٦١ |
| ٣١ قوتابخانەی کچان لە سنوری بتوێن و پشدەر و بالیسان و شەقلاوە | ٣١ | ٢٣١٧ | ٢١٨٤ | ٪٩٤ |
| ڕانیە قەلادزێ | ٧٥ | ١٧٠٤ | ١٦٥٩ | ٪٩٧ |
| هەولێر | ٤٦ | ١٩٠٣ | ١٤٤٥ | ٪٧٦ |
| سلێمانی | ٥٣ | ٧٣٠ | ٤٧٥ | ٪٦٥ |
| سەرجەم : | ٢٥٣ | ١٠٦٠٨ | ٨١٧١ | ٪٧٦ |

# خەتەنەکردنی مێینە نەریتێکی کۆنەو پەیوەندی بەئاینەوە نییە

زۆربەی زۆری زانایانی ئیسلام (کۆن و نوێ) رایان وایە کە خەتەنەکردنی مێینە نە ئەرکێکی ئاینییەو نە سونەتیشە، بەڵکو پێیان وایە کە نەریتێکی کۆنەو تێکەڵاوی ئاینی پیرۆزی ئیسلام بووەو برواشیان وایە مادام زیانی جەستەییو دەروونییو کۆمەڵایەتی هەیە باس لە حەرامی ئەو نەریتە کۆنە دەکەن، لێرەدا هەوڵدەدەین فتوای هەندێک زانای گەورەی ئیسلام سەبارەت بەو مەسەلەیە بخەینە روو:

- شێخ رەشید رەزا:
ئەو زانا گەورەیە لە گۆڤاری (المنار)داکە لەساڵی ١٩٠٤ لە میسر دەرچووە لە ژێر ناونیشانی (وجوب الختان وسنيته) واتە (واجب بوون و سونەتبوونی خەتەنەکردن) دەفەرموێت:ئیبن مونزیر ووتی: بۆ خەتەنەکردن هیچ هەواڵێک لە ئارادا نییەو سونەتێکیش نەبووە کە پەیرەو بکرێت....

- سەید سابق لە کتێبی بەناوبانگی (فقه السنه)دا کە ٣ موجەلەدی گەورەیە دەڵێت (ئەو فەرمودانەی سەبارەت بە خەتەنەکردنی مێینە هاتوون لاوازنو هیچ راستییەکیان تێدا نییە- موجەلەدی یەکەم لاپەرە ٣٢)

- بەهەمان شێوەش هەریەک لە زانایان (حسن محمد مخلوف و شێخ محمود شالتوت) رایان وایە کە هیچ دەقێکی ئیسلامی (ئایەت و فەرمودەی راست و دروست) سەبارەت بە خەتەنەکردنی مێینە لەئارادانییەو نەریتێکی کۆنەو هەمان بۆچوونی زانایانی دیکە دووپاتە دەکەنەوە.

- هەر لەو بارەیەشەوە شێخی ئەزهەر دکتۆر محمد سید تەنتاوی فەتوایەکی هەیە کە ئەمە پوختەکەی ەتی (سەبارەت بە خەتەنەکردنی مێینە هیچ دەقێکی شەرعی بوونی نییە جەخت لەسەر ئەو مەسەلەیە بکاتەوە، بەڕای من ئەوە نەریتێکی کۆنەو لە میسر بڵاوبوەتەوە لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دیو خەریکە لە ناو سەرجەم چینو توێژەکاندا بەرەو نەمان دەچێت بەتایبەت لە ناو چینی رۆشنبیراندا).
پاشان شێخی ئەزهەر ئاماژە بەوە دەکات بڕیاری یەک لاکەرەوە لای پزیشکەکانە ئەگەر ئەوان وتیان زیانی بۆ مێینە هەیە ئەوا دەبێت وازی لێبهێنرێتو هەموو رێوشوێنێکی یاسایی بۆ بنبڕکردنی ئەو مەسەلەیە بگیرێتە بەر.

- هەروەها دکتۆر عەلی جومعەی موفتی وڵاتی میسرو دکتۆر یوسف قەرزاویش بەهەمان شێوە جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە خەتەنەکردنی مێینە پەیوەندی بەئاینەوە نییەو ئەگەر زانستی پزیشکی زیانەکانی بسەلمێنێت ئەوا نەک هەر حەرامیش دەبێت لەسەر بنەماو فەرمودەی (لاضرر ولاضرار).

- بێگومان زانایانی ئاینی ئیسلام لە کوردستانیش زۆرن کە هەمان رای ئەو زانایانەی سەرەوەیان هەیەو پێیان وایە خەتەنەکردنی مێینە نە واجیبەو نە سونەتەو ئەگەر پزیشکەکان بیسەلمێنن کە زیانی بۆ مێینە هەیەو کارێکی زیانبەخشە ئەوا حەرامیشە چونکە لە بنەڕەتدا ئاینی ئیسلام بۆ بەرژەوەندی مرۆڤ هاتووە نەک بۆ زیان پێگەیاندنی، لەو بارەیەوە مامۆستا موستەفا غەفوور کە بڕوانامەی ئاینیی لە زانستە شەرعییەکاندا هەیەو ئاوکات خاوەنی بڕوانامەی ماستەریشە لە زانستی فیقهدا بەبەڵگەوە ئاماژەوە بەوە دەکات: ئەوە بەڵگەنەویستە کە خەتەنەکردنی مێینە واجب نییە.
سەبارەت بە سونەتبونیشی زۆربەی زۆری زانایانی کۆنیش بەسونەتی نازانن ئەمە جگە لەوەی کە زانایانی نوێ ئاڕاڵەیەکی زۆر کۆکن لەسەر ئەوەی کە سونەت نییە. مامۆستا موستەفا ئاماژە بەوە دەکات کە پێویستە زانایانی ئاینیو پزیشکەکان کۆبونەوەیەک سازبکەن لە رووی تەندروستییەوە لێی بکۆڵنەوە ئایا سوودی هەیە یان زیان، لە وەڵامی پرسیارێکماندا سەبارەت بەوەی ئەگەر پزیشکەکان بیسەلمێنن کە خەتەنەکردن زیانبەخشە ئایا ناکرێت بڵێین حەرامیشەو نابێت بەهیچ شێوەیەک ئەنجام بدرێت مامۆستا موستەفا ووتی «لەدوو رووەوە حەرام دەبێت یەکەم ئەگەر ئەوکەسانەی ئەنجامیدەدەن لە رووی تەندروستییەوە زیان بەمێینەکە بگەیەنن ئەوا حەرام دەبێت و پێویستە ئەنجامدەری ئەو کارەش سزا بدرێت، لەرویەکی دیکەشەوە ئەگەر پزیشکەکان بیسەلمێنن کە زیانبەخشە ئەوا بەدڵنیاییەوە حەرام دەبێت، چونکە ئەم ئاینە بۆ بەرژەوەندی خەڵک هاتووەو دژی ئەو دروشمەیە کە پێغەمبەر (د.خ) دەفەرموێت (لاضرر ولاضرار) واتە هەرگیز زەرەر ناگەیەنێتو زەرەریش قەبوڵ ناکات، بۆیە لێرەوە خەتەنەکردنی مێینە حەرام دەبێت».





## زیانە جەستەییو دەرونییەکانی خەتەنەکردنی مێینە

-زیانە جەستەییە کتوپڕەکان: گرنگترینیان، خوێن بەربوون (نزيف) ئازار، شۆکی دەماری (الصدمة العصبية)، پیسبوون بەهۆی بەکارهێنانی کەرەستەی پیسەوە، ئەو پەتایانەی کە دەشێت لەرێگای خوێنەوە بگوازرێنەوە ( ترسناکترینیان هەوکردنی ڤایرۆسی جگەری و ئایدز)
-زیانە جەستەییە دوور مەوداکان: گرنگترینیان تەشوێهکردنی بەشی دەرەوەی کۆئەندامی زاوزێ بەدرێژایی ژیانی بەهۆی بڕینی هەموو یان بەشێکی – دروستبوونی برینو وەرەمی ئازارهێنەر لەشوێنی پارچە براوەکە، هەوکردنی بەردەوامی کۆئەندامی میزەڕۆ یان کۆئەندامی زاوزێ -زیان گەیاندن بە حەوز، ناڕەحەتبوونی پرۆسەی منداڵبوون.
- زیان گەیاندن بەژیانی سێکسی مێینە بەجۆرێک ئەو ئافرەتانەی کە خەتەنەکراون زۆر بەناڕەحەت دەگەنە حاڵەتی ئۆرگازمو تێربوونی سێکسی چونکە ئەو پارچەیەی کە لە کۆئەندامی زاوزێی دەبڕن بەرپرسە لە تێربوونی سێکسی.
- خەتەنەکردنی مێینە چەرمەسەرییەکی دەرونی بێدەنگە: زۆرێک لە خانمان بەدەست کۆمەڵێک کاریگەری نێگەتیڤەوە دەناڵێنن کە بەهۆی ئەوەی بەشێوەیەکی توندوتیژو دڕندانە خەتەنەکراونو بەردەوام لە خەیاڵیاندایە، هەر بۆیە زۆرێک لە ژنان رۆژی خەتەنەکردنیان بە رۆژی رەش لەقەڵەم دەدەن، ئەمەش لەبەر ئەوەی ئەو رۆژە یادەوەری ئازارو هەست بەسوکایەتیو متمانە بەخۆنەبونیان بیردەخاتەوە.

# قەدەغەکردنی خەتەنەکردنی مێینە لەپرۆژە یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی لەهەرێمی کوردستان

مادەی بیستو چوار
خەتەنەکردنی مێینە

١. خەتەنەکردنی مێینە بریتیە لەبرینی بەشێک یان تەواوی بەشە دیارو هەستیارەکانی کۆئەندامی زاوزێکردنی مێینە.
٢. خەتەنەکردنی مێینە شێوازێکی توندو تیژی خێزانییەو جۆرێکە لەتاوانی شێواندنو پەکخستنی ئەندامێکی لەشی مرۆڤ.

مادەی بیستو پێنج

١. ئەو کەسەی هەرجۆرێک لەجۆرەکانی تاوانی خەتەنەکردنی مێ کە لەیاسای قەدەغەکردنی خەتەنەی مێینەدا ژمارە ساڵی هاتووە، ئەنجام بدات لە «دادگای تایبەتمەند بەمەسەلەکانی توندوتیژی نێو خێزان»، بەپێی یاسای قەدەغەکردنی خەتەنەی مێینەدا سزا دەدرێت.

مادەی بیستو شەش

ئەو ئافرەتانەی خەتەنەکراون دەبێت بەم جۆرە مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت:
١. بەزووترین کات یارمەتی تەندروستیان پێشکەش بکرێت.
٢. چارەسەری باری دەروونی بکرێت.
٣. باسی زیانو ئاکامی خەتەنەکردنەکەی بۆ بکرێت بۆئەوەی ئامادەبێت بۆ هەر کێشەیەک لەپاشەڕۆژدا بەهۆی ئەم کارەوە دووچاری دەبێتەوە.



# یاداشتنامە

**بۆ بەڕێزان/ سەرۆکایەتی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان، سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان**

کۆتایی هێنان بە دیاردەی خەتەنەکردنی مێینە
کۆتایی هێنانە بەترسناکترین شێوەکانی توندوتیژی بەرانبەر بە مێینە لە کوردوستاندا

**بەڕێزان ..**

داواکارین لە بەڕێزتان کە یاسایەک دەربکرێت بۆ وەستاندن و کۆتایی هێنان بە دیاردەی خەتەنەکردنی مێینە لە کوردستانداو بەشێوەیەکی پراکتیکیش ڕێ و شوێن دابنرێت بۆ بەرەنگاربونەوەی ئەم حاڵەتە دزێوە .

ئەم داواکاریەمان دوای ئەو هەموو هەوڵانە دێت کە لە چەند ساڵی ڕابوردودا ئەنجام دراوە بۆ وەستاندن و کۆتایی هێنان بەم دیاردەیە ؛ بەڵام بەپێی بەدواداچون و ئامارەکان تا ئێستاش لە بەشێکی بەرچاوی کوردستاندا ئەنجامدانی ئەم دیاردەیە بەردەوامە و لەچەندین ناوچەی کوردستان ڕێژەی ٦٠٪ کچان و ژنان خەتەنەکراون.

کچان، لەتەمەنی منداڵیدا ئەخرێنە ژێر فشـــار بۆ برینی پارچەیەکی زۆر گرنگ و زیندوی جەســتەیان کە دواتر کاریگەری ڕاستەوخۆی ئەبێت لەسەرباری جەستەیی و دەروونییانو توشبونیان بەچەندین نەخۆشی و کێشەی کۆمەڵایەتی.

ئەنجامدانی خەتەنەکردن بە بەهانەی ئەوەی لە ئیسلامدا فەرزکراوە کە تەنانەت ناوی ( سونەتی ) لێ نراوە یان بە بەهانەی داب ونەریتێکی کۆمەڵایەتی ئەنجام ئەدرێت؛ لە هەموو کۆمەڵگە عادەتیەکانیشـــدا هەمان بەهانەی بۆ ئەهێنرێتەوە، بەڵام پێچەوانەی ئەم قسـەیە ڕاســتەو ئەم دیاردەیە بێجگە لە تاوانێک بەرانبەر بە مێینە هیچی دیکە نیە ، هەربۆیە لە بێدەنگی و تهێنیدا ئەنجام ئەدرێت و لەڕوی زانستیشـــەوە ڕەت کراوەتەوە، بەپێی بەڵگەنامە نێودەوڵەتیەکانی مافی مرۆڤ بە یەکێک لە شێوەکانی توندوتیژی جەستەیی و دەرونی پۆلێن ئەکرێت و لە کاتی ئێستادا هەموو ڕێکخراوە جیهانیەکانی وەک نەتەوە یەکگرتوەکانو ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی و ڕێکخراوەکانی ژنان لە جیهاندا ئەم دیاردەیە بە تاوانێک دژی مێینە وەسف ئەکەن.

هەربۆیە دەرکردنی یاســاو بریاری بەپەلە بۆ وەســتاندنی ئەو دیاردەیە ئەرکێکی ســەرەکیە لەبەردەم دەسەڵاتی کوردیدا بۆ دڵنیاکردنەوەی ڕای گشتی جیهان کە میللەتی کورد یەکێکە لە میللەتە پێشکەوتوخوازەکان و بروای تەواوی بەمافی مێینە هەیە و هەوڵی کۆتایی هێنان ئەدات بە هەموو شێوەیەکی توندوتیژی بەرامبەریانو ئەو ماڤەیان پێ ئەبەخشـــێ کەشایســتەین ؛ ئەمەش دەرئەنجامی ئەو دیموکراســیەیە کە لە هەرێمی کوردوستاندا بەرقەرارە و لەدوای کۆتایی هێنان بە دیکتاتۆریەت بوارێکی وا لەم ناوچەیەی ئێمەدا ڕەخساوە کە بەئازادی باس لە کێشەکان بکرێت و هەوڵی چاکسازیو گۆڕانکاریش فەراهەم بێت.

٢٠٠٧-٣-٨

**سەرنج/ ئەم یاداشتە لەلایەن چواردە هەزار کەسەوە واژۆ کراوە و وێنەی واژۆکان ئاراستەی هەردوو لیژنەی یاسایی و مافی مرۆڤی پەرلەمان و وەزارەتی کاروباری ژنان کراون.**

# راسپاردەکانی کۆنگرەی زانایانی جیهان بۆ قەدەغەکردنی ئەتککردنی جەستەی مێینە

بەناوی خوای گەورەی میهرەبان

کۆنگرەی زانایانی جیهان بۆ قەدەغەکردنی ئەتککردنی جەستەی مێینە لە یەکو دووی مانگی زیلعوقدەی ساڵی ١٤٢٧ کە دەکاتە رێکەوتی ٢٢-٢٣/١١/٢٠٠٦ لە ئەزهەر بەسراو تیایدا چەند لێکۆڵینەوەیەک خوێنرایەوەو دوای گفتوگۆو دانوستانی بەڕێزان زاناو پزیشکو پسپۆڕانو چالاکوانانی بواری کۆمەڵگای مەدەنی لە وڵاتانی میسرو ئەوروپاو ئەفریقیا، کۆنگرە گەیشتە ئەمانەی خوارەوە:

١- خوای گەورە رێزی لە مرۆڤ گرتووە (ولقد کرمنا بنی ادم) بۆیە دەستدرێژیکردنە سەر مرۆڤی حەرام کردووە ئیدی باری کۆمەڵایەتی هەر چۆنێک بێتو نێر بێت یان مێ.

٢- خەتەنەکردنی مێینە نەریتێکی کۆنەو لەهەندێک لەکۆمەڵگاندا پەیدابووە، هەندێک لە موسوڵمانانیش لەهەندێک لە دەوڵەتاندا وەک تەقلیدێک پەیڕەویانکردووە بەبێ پشتبەستن بەدەقێکی قورئانی یان فەرموودەیەکی راستو دروست.

٣- ئەو خەتەنەکردنەی ئێستا ئەنجامدەدرێت زیانی جەستەیی و دەروونی بە مێینە دەگەیەنێت، بۆیە پێویستە وەک گوێڕایەڵییەک بۆ بەهایەک لەبەها باڵاکانی ئیسلام رێگای لێبگیرێتو قەدەغە بکرێت، کە بریتییە لە زیان نەگەیاندن بە مرۆڤ وەک پێغەمبەر دروودی خوای لەسەر بێت دەفەرموێت (لاضرر ولاضرار فی الاسلام) واتە نەزیان دەگەیەنینو نەزیانگەیاندنیش قەبوڵدەکەین، بۆیە خەتەنەکردن دوژمنکارییەو سزاش واجیب دەکات بۆ ئەوانەی ئەنجامیدەدەن.

٤- کۆنگرە داوا لە موسوڵمانان دەکات، بۆ پەیڕەوییکردنی رێنماییە ئیسلامییەکان کە زیانگەیاندنی بەمرۆڤ بەهەموو شێوازە جۆراوجۆرەکانییەوە حەرامکردووە واز لەو نەریتە بهێنن.

٥- هەروەها داوا لەدەزگا هەرێمیو نێودەوڵەتییەکان دەکات توانای خۆیان بخەنەگەڕ بۆ رۆشنبیرکردنی خەڵکو ئەو بنەما تەندروستیانەیان فێربکەن کە پێویستە سەبارەت بە مێینە پێوەی پابەند بن، بۆ ئەوەی واز لەو نەریتە خراپە بهێنن.

٦- کۆنگرە بیری دامودەزگا فێرکاریو ماس میدیاکان دەخاتەوە کە ئەرکیانە زیانی ئەو نەریتە رونبکەنەوە، جەختیش لەسەر جێکەوتە خراپەکانی لەسەر کۆمەڵگا بکەنەوە، ئەمەش لەپێناو ئەوەی بەشداربن لەبنبرکردنی ئەو نەریتەدا.

٧- کۆنگرە داوا لەدەسەڵاتەکانی یاسادانان دەکات کە یاسایەک دەربکەن ئەو نەریتە قەدەغەبکاتو سزای ئەو کەسانەش بدات کە ئەو نەریتە زیانبەخشە مومارەسە دەکەن ئیدی بکەر بێت یان بوبێتە هۆی ئەنجامدانی.

٨- هەروەک چۆن داوا لە دەستەو دامودەزگا نێودەوڵەتییەکان دەکات بەهەموو شێوەیەک دەستی هاوکاری بۆ ئەو وڵاتانە درێژبکەن کە ئەو نەریتەی تێدا مومارەسە دەکرێت بۆ ئەوەی لەو نەریتە رزگاریان ببێت.

خەتەنەکردنی مێینە لابردنی بەشێکی زیادە نییە، بەڵکو بەشێکی گرنگە لەلەشی ژنەکە.

گەلێ جار لەکاتی خەتەنەکردندا کارەساتی گەورە دەکەوێتەوە، وەک خوێنبەربوونی زۆرو پیسبوونو هەوکردنی برینەکە.

خەتەنەکردن هۆکارێکە بۆ بڵاوبوونەوەی نەخۆشی لەئەنجامی بەکارهێنانی یەک چەقۆ یان یەک گوێزان بۆ خەتەنەکردنی چەند کەسێک.

خەتەنەکردنی مێینە، دیاردەیەکی تایبەتە بەکۆمەڵگا دواکەوتووەکانو لەناو کۆمەڵگا پێشکەوتووەکاندا ئەنجام نادرێت.



توصيـــات المؤتمـر

*****

بسم الله الرحمن الرحيم

انعقد "مؤتمر العلماء العالمي نحو حظر انتهاك جسد المرأة" في الأول والثاني من ذي القعدة ١٤٢٧ هـ الموافق ٢٢-٢٣/١١/٢٠٠٦م في رحاب الأزهر، وألقي فيه عدد من البحوث، وبعد مناقشات السادة العلماء والأطباء والمتخصصين والمهتمين من مؤسسات المجتمع المدني في مصر وأوربا وأفريقيا توصل المؤتمر إلى ما يلي:

١. كرم الله الإنسان فقال تعالى: ﴿وَلَقَدْ كَرَّمْنَا بَنِي آدَمَ﴾ فحرم الاعتداء عليه أيا كان وضعه الاجتماعي، ذكرا كان أم أنثى.

٢. ختان الإناث عادة قديمة ظهرت في بعض المجتمعات الإنسانية، ومارسها بعض المسلمين في عدة أقطار تقليدا لهذه العادة دون استناد إلى نص قرآني أو حديث صحيح يحتج به.

٣. الختان الذي يمارس الآن يلحق الضرر بالمرأة جسديا ونفسيا، ولذا يجب الامتناع عنه امتثالا لقيمة عليا من قيم الإسلام، وهي عدم إلحاق الضرر بالإنسان. كما قال رسول الله صلى الله عليه وسلم "لا ضرر ولا ضرار في الإسلام" بل يُعد عدوانا يوجب العقاب.

٤. يناشد المؤتمر المسلمين بأن يكفوا عن هذه العادة، تماشيا مع تعاليم الإسلام التي تحرم إلحاق الأذى بالإنسان بكل صوره وألوانه.

٥. كما يطالبون الهيئات الإقليمية والدولية بذل الجهد لتثقيف الناس وتعليمهم الأسس الصحية التي يجب أن يلتزموا بها إزاء المرأة، حتى يقلعوا عن هذه العادة السيئة.

٦. يُذكّر المؤتمر المؤسسات التعليمية والإعلامية بأن عليهم واجبا محتما نحو بيان ضرر هذه العادة، والتركيز على آثارها السيئة في المجتمع، وذلك للإسهام في القضاء على هذه العادة.

٧. يطلب المؤتمر من الهيئات التشريعية سن قانون يُحرِّم ويُجرِّم من يمارس عادة الختان الضارة فاعلا كان أو متسببا فيه.

٨. كما يطلب من الهيئات والمؤسسات الدولية مد يد المساعدة بكافة أشكالها إلى الأقطار التي تمارس فيها هذه العادة كي تعينها على التخلص منها.